sbey Research


# دیپلۆماسی و بێلایەنی؛

## ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئاگربەستی ئەمریکا و ئێران

### چۆنیەتی ڕێگریکردن لە هێرشەکانی ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراق دوای ئاگربەست

کرۆکی سیاسەتی دەرەکی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

نیسانی 2026



## دەستپێشخەری

پرۆژەی کرۆکی سیاسەت (Policy Brief)، دەستپێشخەرییەکی زانستییە "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" (SRC) لەڕێگەی پێشکەشکردنی داتای شیکارکراو، لەسەر بنەمای توێژینەوە و تێڕوانینێکی بابەتیانە سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگی وەك "حوکمڕانی، بەشداری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان" ئەنجامی دەدات.

ناوەندی توێژینەوەی سبەی، توێژینەوە و شیکاریی لەسەر پێشهاتە سەرەکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بەرهەمدەهێنێت، لەوانە: داینامیکی پارتە سیاسییەکان، حوکمڕانی، مافەکانی مرۆڤ و گۆڕانی دیمۆگرافی. ئامانجی کارەکانی ناوەندەکە، بەرهەمهێنانی داڕشتنی سیاسەتە (policymaking) لەسەر بنەمای بەڵگە و گوتارە گشتییە بەرچاوەکان. چالاکییەکانی ناوەندەکە سێ بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێت: **توێژینەوە، داکۆکیکردن لە داڕشتنی سیاسەت، بەشداریکردنی گشتی.** لەم چوارچێوەیەدا، کرۆکی سیاسەت (Policy Brief) بەجۆرێك داڕێژراوە، کە پوخت و ئاراستەکراوی سیاسی بێت. گرنگیدان بە دەستنیشانکردنی جومگە سەرەکییەکانی ئاڵینگارییەکی دیاریکراو، ئاماژەکردن بە کاریگەرییەکان، و خستنەڕووی پێشنیازەکان، کە زەمینەی کارکردنی تێدا هەبێت.

## کرۆکی سیاسەت

ئەم پەڕاوە؛ سێیەمین کرۆکی سیاسەتە لە زنجیرە بڵاوکراوەیەک، کە لەلایەن "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" تایبەت بە پرسە گشتییە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە. ئامانجی زنجیرەکە؛ بەشداریکردنە لە گفتوگۆ سیاسییە بەردەوامەکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی کردەیی پەیوەست بە حوکمڕانی و شیکارییەکی بونیادییەوە.

ئەم کرۆکی سیاسەتە شیکاری ئاڵنگاری و دەرفەتە سنووردارەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان دەکات لە دوای ئاگربەستی ئەمریکا و ئێران. بەردەوامبوونی گرژییەکانی ناوچەکەو هێرشی بەردەوامی میلیشیا چەکدارەکان و نادیاری ئاسۆی دانوستانەکانی نێوان (ئەمریکا و ئێران)، حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە دۆخێکی لاوازدا هێشتۆتەوە. مەترسی دووبارەبوونەوەی هێرشەکان هێشتا بەردەوامە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و پشتبەستن بە ئەکتەرە دەرەکییەکان. ئەم کرۆکی سیاسەتە شیکارییەکی بونیادی تایبەت بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی هێرشەکانی ئەم دواییە و لاوازی پرۆسەی ئاگربەست دەخاتە ڕوو. دۆخەکە پەنجەرەیەکی کاتیی بۆ ئەنجامدانی کردەی ستراتیژی دەکاتەوە، نەک چارەسەری ڕیشەیی ناکۆکی و گرژییەکان. لەم پەڕاوەدا بە جەختکردنەوە لەسەر چەمکی بێلایەنی ئامانجدار و بەکارهێنانی هاوسەنگییەکی میانڕەوانە، ئامانجی پاراستنی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی هەر گرژییەکی نوێ دەخرێتە ڕوو.

## کرۆکی سیاسەت 03

**نووسەر:** مەیسەم مورادی، ماستەر، توێژەری سەربەخۆ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی.

**وەرگێڕان و داڕشتنەوە-ڕێکخەری پرۆژە:** شانیا ئاری، ماستەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی.

**پێداچوونەوە و زمانەوانی**: فەرەیدون عارف، ماستەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی

لە سەروەختی ئاگربەستێکی لاوازی نێوان ئەمریکا و ئێران و بوونی گرژی لە ناوچەکەدا، بەردەستبوونی توێژینەوە و شیکاری و زانیاری ورد گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەم کرۆکی سیاسەتە، هەڵسەنگاندنێک بۆ لاوازیی، ئاڵنگاری و مەترسییەکان دەکات؛ هەروەك هەوڵی ڕێگریکردن دەدات لە ئەگەری پەرەسەندنی گرژی لە ناوچەکە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ستراتیژیەکی ئامانجدار و هاوسەنگییەکی میانڕەوانە.

## پوختە

ڕۆژی 8ی نیسانی 2026، دوای زیاتر لە 40 ڕۆژ لە جەنگی نێوان ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران، ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەستی دوو هەفتەیی بە نێوەندگیری پاکستان ئەنجامدرا. ئاگربەست هەلێکی گرنگی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخساندووە، تا دیپلۆماسییەکی ئامانجدار و سیاسەتێکی بێلایەن بەکاربهێنێت بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکانی ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراق. لە 28ی شوبات تا 8ی نیسانی 2026، هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە 700 هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک کرایە ئامانج، کە بەو هۆیەوە 17 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 80 کەسیش برینداربوون. لەکاتێکدا هەردوو لایەنی جەنگەکە بانگەشەی سەرکەوتن دەکەن و دانوستانەکانیش لە (ئیسلام ئاباد) بەردەوامن، حکومەتی هەرێم پێویستە پێگەی خۆی وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا، کە بەدوای سەقامگیریدا دەگەڕێت؛ پێناسە بکات.

ئەم کرۆکی سیاسەتە بە سوود وەرگرتن لە چەمکەکانی "بێلایەنی ئامانجدار" و "هاوسەنگی میانڕەو-Soft Balancing " باس لەوە دەکات؛ حکومەتی هەرێم دەتوانێت ئاسایشی خۆی بپارێزێت بەبێ پشتبەستن بە ئەمریکا یان تەسلیمبوون بە ئێران لە ڕێگەی جوڵەی دیپلۆماسییەوە:

(1)ڕاگەیاندنێکی فەرمی بۆ جەختکردنەوە لە سیاسەتی بێلایەنی و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکان. (2)دروستکردنی ناوەندێکی دیپلۆماسی نافەرمی لەگەڵ تاران لە ڕێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-PUK و وڵاتانی نێوەندگیرەوە؛ (3)پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، تورکیا و یەکێتی ئەوروپا.

### تێبینی

1 -ئاگربەست دەرفەتێکی کاتیی بۆ حکومەتی هەرێم ڕەخساندووە بۆ ئەوەی دیپلۆماسییەکی کارای ئامانجدار و بێلایەنی پەیڕەو بکات.

2 -مانەوەی حکومەتی هەرێم پێویستی بە هاوسەنگییەکی میانڕەو هەیە لەنێوان پاراستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئێران.

3 -مەترسییەکە هێشتا بەردەوامە، چونکە ئێران و میلیشیا عێراقییەکان بەردەوامن لە بەئامانجگرتنی حکومەتی هەرێم.

4- هەرچەندە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پاراستنی بێلایەنی و بە شێوەییەکی میانڕەوانە هەوڵ بدات بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە.

ئەم ستراتیژە پشت بە زەمینەسازییەکی واقیعی دەبەستێت کە: هەرێم ناتوانێت پشت بە پشتیوانی هەمیشەیی ئەمریکا ببەستێت، هەروەك ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە. لەوبارەیەوە دەتوانین بڵێین؛ لە قۆناغێکدا، کە ناوچەکە بە تەواوی ناسەقامگیرە.. بوونی دیپلۆماسییەکی ئامانجدار لەپێناو مانەوەدا گرنگ و پێویستە.

### پێشەکی:دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی ئاگربەست

لە جەنگی نێوان ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران، کە بەهۆیەوە ناوچەکە کەوتە ناو دۆخێکی نا هەموارەوە، ئاگربەستی 8ی نیسان بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەلجەزیرە، ئاگربەستەکە " بووە هۆی ڕاگرتنی ئەو جەنگە 40 ڕۆژییەی، کە ناوچەکەی گەیاندبووە لێواری جەنگێکی فراوانتر و قوڵتر" (Siddiqui, 2026). لەوبارەیەوە (شەهباز شەریف) سەرۆک وەزیرانی پاکستان، ڕایگەیاند “هەموو لایەنەکان بۆ ماوەی دوو هەفتە پابەندبن بە ئاگربەستەوە، وەک ئەوەی لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە بتوانرێت هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنێکی ئاشتیانەی ململانێکان بنرێت (NPR, 2026). بەڵام ئاگربەستەکە لاوازی پێوەدیارە، چونکە هێشتا ئیسرائیل بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر لوبنان، لەکاتێکدا ئێران هۆشداری داوە “ ئەگەر بچووکترین هەڵە لەلایەن دوژمنەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا بە هێزی تەواوەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە” (Yeung, 2026).

تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ئاگربەستە هاوکات دەرفەت و ئاڵنگاری دێنێتە ئاراوە؛ بەجۆرێك دەرفەتەکە لە وەستانی هێرشەکاندایە بۆ ماوەیەکی کاتی، کە زیاتر لە 700 هێرشی تێپەڕاندووە (Rudaw, 2026). بەڵام ئاڵنگارییەکە ئەوەیە، کە ئەم ئاگربەستە ڕەنگە تەمەن کورت بێت؛ هەربۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بە خێرایی ستراتیژی دیپلۆماسی بۆ پێشگرتن و ڕێگریکردن لە هێرشەکانی داهاتوو دابڕێژێت. لێرەدا پرسیاری

جەوهەریی ئەوەیە: چۆن دەتوانرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکان لەگەڵ ئەمریکا، ئێران، بەغدا و میلیشیا شیعەکان، دیپلۆماسییەتێکی ئامانجدار بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی بێلایەن بەکاربهێنێت؟

ئەم کرۆکی سیاسەتە ڕەچاوی "بێلایەنی ئامانجدار" دەکات، بە گرتنەبەری جوڵەی دیپلۆماسی لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەپێناو پاراستنی ئاسایشی هەرێم، کە ئەمەش جیاوازە لە بێلایەنییەکی بێ دیپلۆماسی یان کشانەوە. بێلایەنیی ئامانجدار، یان چالاک -Active neutralityئیلهام لە ئەزموونی وڵاتانی وەک (سویسرا، نەمسا و فینلاند) لە سەردەمی جەنگی سارد وەردەگرێت، کە توانیویانە ئاسایشی وڵاتەکەیان بپارێزن بەبێ پاڵشتی دەوڵەتە زلهێزەکان. هەروەها تیۆری "هاوسەنگی میانڕەو- Soft Balancing" لەخۆدەگرێت، کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: "ئەو کردەوانەی کە ڕاستەوخۆ دژایەتی یان ئاڵنگاری زاڵبوونی هێزی سەربازی ئەمریکا ناکەن، بەڵکو ئامرازە ناسەربازییەکان بەکاردەهێنن بۆ دواخستن، بێهیواکردن و تێکدانی سیاسەتی سەربازیی تاك لایەنەی ئەمریکا". ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە چۆن دەوڵەتە لاوازەکان دەتوانن هەڕەشەی دەوڵەتە زلهێزەکان لە ڕێگەی بنیاتنانی هاوپەیمانییەکی دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی تێچووی سیاسییەوە ڕابگرن، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ (Pape, 2005, p.10).

ئەم کرۆکی سیاسەتە ئاماژە بە پێنج پرسیاری سەرەکی دەکات:

(1)چی وایکرد ئێران و میلیشیا شیعەکان، هەرێمی کوردستان بکەنە ئامانج و تا کوێ ئەم هەڕەشەیە بەردەوام دەبێت؟ (2) لەم دۆخەدا حکومەتی هەرێم چۆن دەتوانێت بێلایەنییەکی ئامانجداری چالاك پەیڕەو بکات؟

(3)حکومەتی هەرێم چۆن دەتوانێت هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان پشتیوانی ئەمریکا و کەمکردنەوەی پەرەسەندنی گرژییەکان لەگەڵ ئێران؟ (4)چی ئامرازێکی دیپلۆماسی لەبەردەستدایە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە؟ (5) مەترسییەکان چین و پلانی B چییە؟

## میتۆدۆلۆژی

ئەم کرۆکی سیاسەتە-Policy Brief لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی سبەی SRC بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری چۆنیەتی و ڕێبازی سیاسەتی ئاراستەکراو- policy-oriented approach ئەنجامدراوە. ئامانج لێی دارشتنی ستراتیژییەتێکی دیپلۆماسی کردەییە بۆ حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە ڕێگریکردن لە هێرشەکانی داهاتوو. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ چۆن دەکرێت (سیاسەتێکی بێلایەنی ئامانجدار) لە چوارچێوەی ئاڵۆزی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، ئێران، بەغدا و ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە بگیرێتەبەر؟

سەرچاوەی زانیارییەکانی نوسینەکە بریتین لە: ڕاپۆرتەکانیACLED ، ڕووداو-Rudaw، جەزیرە، NPR، CNN، ڕویتەرز و چاتام هاوس - Chatham House سەبارەت بە ئاگربەست و دانوستانەکان. هەروەها شیکارییەکانی *Carnegie Endowment* بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی دەربارەی ئاڵۆزیی دانوستانەکان، و لێدوانەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە ئاگربەست.

هەروەك شیکاریی ئەم کرۆکی سیاسەتە لەسەر سێ بنچینە دامەزراوە: یەکەم: هەڵسەنگاندنێک بۆ هەڕەشەکانی ئێستا و داهاتووی سەر هەرێم. دووەم: شیکارییەک سەبارەت بە پێگەی حکومەتی هەرێم لەناو سێگۆشەی ئەمریکا-ئێران-بەغدا و چۆنیەتی دروستکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا. سێیەم: پەرەپێدانی ئامرازە

دیپلۆماسییەکان لەسەر بنەمای تیۆری و ئەزموونی مێژوویی.

**دۆزینەوەکان: بۆچی هەرێمی کوردستان کرایە ئامانج و بۆچی بێلایەنی ئامانجدار پێویستە؟**

***یەکەم: هۆکارەکانی ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەگەری دووبارەبوونەوەی:***

لە نێوان 28ی شوبات، 8ی نیسان، نزیکەی 700 هێرش (درۆنی و مووشەکی) کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان (Rudaw, 2026). سەرەڕای لێدوانی بەردەوامی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە جەختیان لە بێلایەنی دەکردەوە، بەڵام ئێران و میلیشیا شیعەکان لە هێرشەکانیان بۆ سەر هەرێمی بەردەوام بوون. ڕەنگە لێرەدا وەڵام بەو پرسیارەی، کە ئایا ئەم هەڕەشانە تاکەی بەردەوام دەبن؟ پەیوەست بێ بە ئامادەیی و هەبوونی هێزی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەردەوامی گرژییەکانی نێوان بەغدا-هەولێر بەردەوام بێت؛ لەلایەکی ترەوە بەگریمانەی ئەوەی ئاسۆی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران بە نادیاری ماونەتەوە، مەترسیی دووبارەبوونەوەی هێرشەکانیش بەردەوامی دەبێت. جگە لەوەش، ڕاپۆرتەکانی ACLED ئاماژە بەوە دەکەن، کە میلیشیا شیعەکان "بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا توانای ئەنجامدانی هەر کردەیەکیان هەیە " (ACLED, 2026) بەو واتایەی تەنانەت ڕەنگە هێرشەکان بەبێ فەرمانی ڕاستەوخۆی ئێران دەستپێبکەنەوە.

***دووەم: لاوازی ئاگربەست و پێویستیی جوڵەی خێرا***

لە ڕۆژی یەکەمەوە نیشانەی پێشێلکاری و پابەندنەبوون بە ئاگربەستەکەوە دەرکەوت؛ بەجۆرێك ئیسرائیل دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئەو کردەیەی کە ڕۆیتەرز بە "بەهێزترین شەپۆلی هێرشکردنە سەر لوبنان ناوەزدی کرد لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکەوە" (Reuters, 2026). لەبەرانبەردا ئێران ئامادەیی

خۆی بۆ وەڵامدانەوەی هەر پێشێلکارییەک دووپاتکردەوە. لە شیکارییەکی چاتام هاوس - Chatham House سەنام ڤاکیل دەڵێت، "لەم نێوەندەدا، مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە، کە بابەتە هەرێمییەکان پەراوێز بخرێن، ئەگەر سەرنجەکان تەنها لەسەر پەیوەندی ئەمریکا- ئێران بێت، لەوانەیە قەیرانەکە هێور بکرێتەوە؛ بەڵام سیستەمی گشتی ناوچە هەرێمییەکان لاواز دەبێت و ڕەنگە بکەوێتە مەترسیی ئاڵۆزی زیاتی لێبکەوێتەوە" (Vakil, 2026) . ئەمەش بەو مانایەی حکومەتی هەرێم ناتوانێت چاوەڕێی بڕیاردانی ئەمریکا و ئێران بکات، لە هەمان کاتدا بێلایەن بمێنێتەوە؛ بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی چالاکانە مامەڵە بکات.

## سێیەم: پێگەی ناهاوسەنگی حکومەتی هەرێم

حکومەتی هەرێم لە دۆخێکی ناهاوسەنگدایە: لەلایەک بۆ ئاسایشی هەرێم پشت بە ئەمریکا دەبەستێت، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی بوونی سنوری هاوبەشەوە ناتوانێ ئێران پشتگوێ بخات. لەم بارەیەوە مایکل یۆنگ (2026) لە شیکارییەکانیدا بۆ Malcolm H. Kerr Carnegie Middle East Center دەڵێت: "پێشنیازەکە بریتییە لە ڕێککەوتنی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، بەردەوامبوونی کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، کشانەوەی سەرجەم هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قبوڵکردنی مافی ئێران سەبارەت بە پیتاندنی یۆرانیۆم، قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ و هەڵگرتنی هەموو سزا سەرەتایی و لاوەکییەکانی سەر ئێران، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سەختە ببینین ئیدارەی ترەمپ دانوستان لەسەر ئەو جۆرە مەرجانە بکات" (بڕگەی7).

ئەمەش بەو مانایەیە، کە دانوستانەکان درێژخایەن دەبن و حکومەتی هەرێمیش ناتوانێت وابەستەی لایەنێک بێت. تیۆری هاوسەنگی میانڕەو- Soft Balancing پێشنیاز

دەکات؛ ئەکتەرە لاوازەکان دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن بەبێ ئەوەی بە تەواوی وابەستەی دەسەڵاتێک بن، ئەوەش لە رێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانی دیپلۆماسی و زیادکردنی تێچووی سیاسی (Pape, 2005).

## ئەنجام: بێلایەنی ئامانجدار وەک ستراتیژییەک بۆ مانەوە

ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی زۆر چارەنووسسازدایە. ئاگربەست دەرفەتێکی سنووردار و کاتییە بۆ کردنەوەی دەرگای دیپلۆماسی، بەڵام حکومەتی هەرێم ناتوانێت پشت بە مانەوەی ئاگربەستەکە ببەستێت، یان پشت بە پشتیوانی هەمیشەیی ئەمریکا ببەستێت. هەروەها ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی ئێران و گروپە شیعەکانی عێراق ببێتەوە. هەربۆیە گرتنەبەری سیاسەتێکی بێلایەنی ئامانجدار، واقیعیترین ستراتیژە بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکانی داهاتوو.

بێلایەنی ئامانجدار بە مانای پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا نییە، بەڵکو حکومەتی هەرێم لە یەک کاتدا بتوانێت کەناڵی دیپلۆماسی لەگەڵ تاران بکاتەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکان هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بکات. لەلایەکی ترەوە هاوسەنگڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەییەکان و نێودەوڵەتییەکانی وەک "تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو و ئەوروپا، بۆ زیادکردنی فشاری سیاسی بەمەبەستی ڕێگرتن لە هێرشکردنە سەرناوچەکە.

## دەرئەنجام و پێشنیازەکان

***دەرئەنجامەکان (ئەگەر هیچ ڕێوشوێنێک نەگیرێتەبەر).***

ئەگەر حکومەتی هەرێم ستراتیژییەکی دیپلۆماسی چالاکانەی نەبێت:

1- ئەگەری هێرشی نوێ هەیە لە ئەگەری دارمانی ئاگربەست، یان دانوستانەکان.

2- بوون بە مەیدانی جەنگ لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی ململانێی ئەمریکا – ئێران.

3- لەدەستدانی متمانەی نێودەوڵەتی، ئەگەر ناوچەکە تەنها وەک بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا سەیر بکرێت.

4- لەدەستدانی دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەییەکان.

## پێشنیازە کردەییەکان

1- ***ڕاگەیاندنی فەرمیی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بێلایەن:*** گرنگ و پێویستە سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران ڕاگەیاندراوێکی فەرمی دەر بکەن، لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بێلایەنانە لە ململانێی نێوان ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران. هەروەك حکومەتی هەرێم بە دوای ئاشتی و سەقامگیری و پەیوەندییەکی باشدا دەگەڕێت لەگەڵ هەموو دراوسێکاندا. هەروەك پێویستە ئەم پەیامە لەسەر پلاتفۆرمە فەرمییەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بڵاوبکرێتەوە و لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە بۆ "واشنتۆن، تاران، بەغدا و ئەنکەرە" بنێردرێت.

2 -***هەماهەنگی ستراتیژی لەگەڵ بەغدا:*** پێویستە سەرکردایەتی هەرێم دەستبەجێ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە و ڕێکبکەوێت، کە حکومەتی هەرێم پابەندە بەوەی؛ ناهێڵێت خاکەکەی بۆ هیچ کارێکی شەڕانگێزانە دژی ئێران بەکاربهێنرێت. لەبەرانبەردا پێویستە بەغدا فشار بخاتە سەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی سەر خاکی هەرێم. ئەم هەماهەنگییە زۆر گرنگە، چونکە بەغدا دەتوانێت وەک ناوبژیوانێک لەگەڵ تاران و میلیشیاکان مامەڵە بکات.

3 -***دامەزراندنی کەناڵێکی دیپلۆماسی نافەرمی لەگەڵ تاران:*** یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ ئێران هەیە، دەتوانێت وەک ناوبژیوان مامەڵە بکات و پەیامی سیاسەتی بێلایەنی بۆ تاران بنێرێت.

هاوکات وڵاتانی نێوەندگیری وەک عومان و قەتەر دەتوانن هاوکار بن و پەیامی سیاسەتی بێلایەنی بۆ وڵاتانی عەرەبی بنێردرێت لەڕێگەی لایەنە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کە ئامانجیان کاڵکردنەوەی ڕوانگەی ئێرانە بۆ هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانی ئەمریکا.

4 -***هاوسەنگکردنی دیپلۆماسی لەگەڵ تورکیا و ئەوروپا:*** پێویستە سەرکردایەتی حکومەتی هەرێم پەیام بۆ ئەنکەرە و پایتەختەکانی ئەوروپا بنێرێت، کە هەرێمی کوردستان بەدوای سەقامگیریدا دەگەڕێت لە ناوچەکەدا و ئامانجی قووڵکردنەوەی پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکانە. لەو ڕوانگەیەوە، کە یەکێتی ئەوروپا لە بەیاننامەکەیدا پشتگیری لە "فەراهەمکردنی ئاسایشی ناوچەکە و ئازادی تێپەڕین بە گەرووی هورمزدا" کردووە (European Council, 2026). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەوروپا بەدوای سەقامگیریدا دەگەڕێت. لەم بارەیەوە حکومەتی هەرێم دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە گواستنەوەی نەوت بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا و پێگەی خۆی وەک هاوبەشێکی سەقامگیر بگێڕێت.

5- ***دروستکردنی "گرووپی دۆستانی هەرێمی کوردستان":*** پێویستە حکومەتی هەرێم گروپێکی نافەرمی وڵاتان دروست بکات، کە بەرژەوەندییان لە سەقامگیری ناوچەکەدا هەیە (**ئەمریکا، تورکیا، دەوڵەتانی کەنداو، ئەوروپا**). ئەم گرووپە دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان گەرەنتی ئاسایشی ناوچەکە بکات؛ چونکە هەر هێرشێک بۆ سەر هەرێمەکە تێچووی سیاسی بۆ هێرشبەرەکە دەبێت. ئەمەش "هاوسەنگی میانڕەو"ە.

6-***ئامادەکردنی پلانی B، ئەگەر ئاگربەست پێشێلکرا و هێرشەکان دەستیان پێکردەوە:*** حکومەتی هەرێم پێویستە پلانی هەبێت لە ئەگەری ڕوودانی هەرهێرشێک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەوانە چۆڵکردنی ناوچە مەترسیدارەکان و کۆکردنەوەی خۆراک و

دەرمان، هەروەها دەستبەجێ هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرژییە بدرێت لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە. لە هەمووی گرنگتر پێویستە حکومەتی هەرێم داوای پشتگیری بەرگری زیاتر لە ئەمریکا بکات.

ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و ئێران دۆخێکی نا هەمواری فەراهەمکردووە، هەربۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان دیپلۆماسی کارای ئامانجدار و سیاسەتی بێلایەن بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی هاوڵاتییەکانی. مانەوە پێویستی بە هاوسەنگییەکی میانڕەو هەیە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئێران.

## سەرچاوەکان:

ACLED. (2026, March 04). ACLED. Retrieved from acleddata.com: https://acleddata.com/update/middle-east-special-issue-march-2026

Council, E. (2026, April 08). European Council. Retrieved from Counciliumeuropa.eu: https://www.consilium.europa.eu/en/press/press-releases/2026/04/08/leaders-statement-on-the-two-week-ceasefire-concluded-between-the-united-states-and-iran/

NPR. (2026, April 8). NPR. Retrieved from npr.org: https://www.npr.org/2026/04/08/nx-s1-5777291/iran-war-updates

Pape, R. (2005). Soft Balancing against the United States. International Security, 7-45. Retrieved from belfercenter.com.

Reuters. (2026, April 08). Reuters. Retrieved from reuters.com: https://www.reuters.com/world/middle-east/hezbollah-pauses-attacks-under-us-iran-ceasefire-sources-close-group-say-2026-04-08/

Rudaw. (2026, April 08). Rudaw. Retrieved from Rudaw.net: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/080420264

Siddiqui, U. (2026, April 8). Aljazeera. Retrieved from aljazeera.com: https://www.aljazeera.com/news/2026/4/8/us-iran-ceasefire-deal-what-are-the-terms-and-whats-next

Vakil, S. (2026, April 08). Chatham House. Retrieved from Chatham House.org: https://www.chathamhouse.org/2026/04/us-iran-ceasefire-what-it-means-trump-tehran-israel-and-us-allies-early-analysis-chatham

Yeung, J. (2026, April 8). CNN. Retrieved from edition.cnn.com: https://edition.cnn.com/2026/04/08/middleeast/us-iran-ceasefire-explainer-war-intl-hnk

Young, M. (2026, April 08). The Malcolm H. Kerr Carnegie Middle East Center. Retrieved from Carnegieendowment.org: https://carnegieendowment.org/middle-east/about-the-malcolm-h-kerr-carnegie-middle-east-center